# هەڵەی دژە جیاوازەکانی جەنگ، لەگیانەڵڵای سەدامدا

مەلا بەختیار

له (١٥ / ٢ / ٢٠٠٣) کاتێك تەلەفزیۆنەکان خۆپیشاندانی ملیۆنەها کەسیان لەناو وڵاتانی (بریتانیا، ئیتالیا، ئەمریکا، ئیسپانیا و ئوستراليا. . تاد) بڵاوکردەوە، هەتاڕادەیەك دەرونی خەڵکی عێراق و کوردستان، لەپێشەوەیاندا هێزە سیاسیە بەرنامە هاوبەشەکان دوچاری دڵەڕاوکێ کرا. هەتا (کۆندەلیزارایس) تەمی ئەو ترسەی ڕەواندەوە و ڕایگەیاند کە خۆپیشاندانەکان سیاسەتی لێخستنی ڕژێمی عێراق ناگۆڕن. دوا ئەڵتەماتیمی (إنذار) چلوهەشت سەعاتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ سەدام و کوڕەکانی، روخانی ڕژێمی عێراقیان بڕیەوە.

خۆپێشاندانەکان، قسەوباسێکی زۆریان لەسەر کراوە. بەتایبەتی لەناوەندە عەرەبیەکاندا، بەڵام بەرەبەرە ئەو هەڵچونەش نیشتەوە. تەنانەت وڵاتانی عەرەبی نەیانتوانی کۆنگرەی نائاسایی سەرانیان ببەستن. ناچار هەر کۆنگرەی ئاساییان بەست و لەمەشیاندا گەیاندیانە شەڕەجنێو!

ئەوەی کە جێگەی سەرنجیشە، جگەلەوەی سەرانی عەرەب لەناوخۆیاندا لەسەر کێشەی عێراق ڕێك ناکەوون، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ڕای گشتی عەرەبیش زۆر کەمتر لە ڕای گشتی ڕۆژاوا، مەسەلەی عێراقیان لا گرنگە. لە (٢٥٠) ملیۆن عەرەب، تێکڕا بەقەد خۆپیشاندەرانی ئیتالیا نارەزاییان دژی ئەمریکا دەرنەبڕی. ئەوەی لەم کێشمەکێشەیەدا پێویستە لەسەری بوەستین" دیاردەی نارەزایی خەڵکی ڕۆژئاوایە دژی ئەمریکا، هەروا ئەو هێزە سیاسییانە کە لەعێراق و کوردستاندا دژی جەنگن.

## لایەنەکانی دژی جەنگ

له جەنگی دووەمی جیهانیدا، هەموو وڵاتە سەرمایەدارەکان، گەلانی ئازادیخواز، دیموکرات، لیبرال، مەدەنی و تەنانەت وجودی نەهلستی و هەرە بێلایەنەکانی جیهانیش، پێکەوە لە سەنگەری دژی نازیەت و فاشیەتدا بون.

ستالین و شورەوی. . لەسەرەتای جەنگدا ویستیان خۆیان لە بەڵای هیتلەر بپارێزن، گوایە، بەرەی سەرمایەداران لەناوخۆیاندا بە جەنگ دادەوەشێنن و بۆ ئەم مەرامەش، ڕێکەوتنامەی ئابوری لەنێوان شورەوی و ئەڵمانیادا مۆرکرا، بەڵکو تفاقێکی زۆر لەلایەن شورەوەیەوە درایە ئەڵمانیا. بەڵام پاشان دەرکەوت سیاسەتێکی ئاوا نەزۆکە. هیتلەر پەلاماری شورەویشی دا، ئینجا ستالین کەوتە خۆی" دەستبەجێش دوای بڕیاری ستالین، کۆمۆنیست و چەپ و هێزە کرێکارییە پەیڕەو شورەوییەکانیش چونە ناو بەرەی دژایەتی نازیەت. بەمەش، مێژوو شانازییەکی گەورەی بۆ بەرەی سەرمایەداری تۆمارکرد" گەر بە لاف لێدانی شۆڕشگێڕێتی ئەوزەمانە بوایە، ئەبوایە ستالین یەکەمین ڕابەری دژایەتیکردنی نازیەت و کۆمۆنیستەکانیش پێشەنگی بەرهەڵستیبونایە. کەچی تشرشل یەکەم ڕابەر و دیموکراتخوازە سەرمایەدرەکانیش پێشەنگی بەرهەڵستی بون. دەپرسین: ئەگەر لەو هەلومەرجەدا بۆچونەکانی ستالین سەریبگرتایە و بریتانیا و ئەمریکا بەرهەڵستیان نەکردایە، ئاخۆ بەشەریەت و دیموکراتی، چییان بەسەردا دەهات؟ پێم وایە، پێچەوانەی بۆچونە هەڵەکان لەسەر مۆدێرنێتە، گەر سەردەمەکە سەردەمی ئازادی ڕێبازی جیاوازی مۆدێرنێتە نەبوایە، بێگومان توتالیتارەکانی نازیو ستالینی، ماوەیەکی زۆر بەشەریەتیان سەرقاڵی نەهامەتی دەکرد.

## قوڵبونی ناکۆکیەکانی ڕۆژئاوا

بەشەریەت. . ئەو هەلومەرجەی تێپەڕاند و، سەردەمی جەنگی ساردیشی بڕی. لەم دەهە و نیوەی دوای جەنگی سارد (١٩٨٨ — ٢٠٠٣) باری سیاسی جیهان، لەهەموو باریکەوە، جۆشی گۆڕانکاری دەخوارد. ڕۆژئاوا، لەناو ژانی جۆشخواردنی ئەو گۆڕانکاریانەدا، جیاواز لەسەردەمی دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، لەناوخۆیاندا، لەدوای جەنگی ساردەوە بە ململانێیەکی شارستانیانە بۆچونە سیاسی و ئابوری و فەلسەفیەکانی خۆیان، لەجیهانگیریدا فۆرمیلا کرد. تەنانەت یەکخستنی ئۆروپاشیان لەزۆر ڕووەوە بەدیالۆگی ئازاد، یەکالاکردەوە.

دوای ئەوەی ڕۆژئاوای ئۆروپا گرفتەکانیان لەناوخۆیاندا بەشێوەیەکی گشتی چارەسەرکرد. لەگەڵ ئەمریکاشدا لەسەر کۆمەڵێك چەمکی سیاسی و ئابوری و کولتوری لەناو چوارچێوەی جیهانگیریدا هاوپێناو بون. بەڵام بیروبۆچونەکانیان لەسەر بازاڕ و کۆنترۆڵی دەرەوەی

ڕۆژئاوا جیاوازیەکی زۆری هەبوو. هەربۆیە، ئەمریکا بەشێوەیەك و، زۆربەی وڵاتانی ئۆروپا لەڕوانگەی خۆیانو، ژاپۆن و چین و ڕوسیاش لەجیهانبینی جیاوازەوە، چاویان بڕیە وڵاتانی دواکەوتوو. ئەم بۆچونە جیاوازانەی ڕۆژئاوا، هەتا ڕودانی (١١) ی سپتامبەر، ئیدارە دراوە. بەڵام دوای (١١) ی سپتامبەر و هەژاندنی ئاساییشی ئەمریکا، ئەمریکا هەستیکرد بەرژەوەندیەکانی نەك لەدەرەوەی خۆیدا، بەڵکو لەناو ئەمریکاشدا، لەلایەن ئەفغانستان و القاعدە و تالیبانەوە، لەپاڵ نزیکترین دۆستی کە پاکستانە، کەوتە بەر پەلامارێکی جیهان هەژێن، ئەمەش زەنگێکی خەتەرناکی بۆ ئەمریکا لێدا. ئیتر ئەمریکا بڕیاریدا تەواوی توانای خۆی بخاتە مەیدانەکانی ستراتیژێکی نوێی هەمەلایەنە. ئالێرەوە، گێروگرفت و ناکۆکیەکانی ئەمریکا و هەندێك لە وڵاتانی ئۆروپای ڕۆژئاوا، بگرە ڕۆژهەڵات و هەرێمی تری جیهانیش کەوتنە ژێر فشاری سیاسی و عەسکەری ئاشکرا.

فەرەنسا و ئەڵمانیا، لە جەنگی یەکەمەوە ئەزمونێکی دەوڵەمەندیان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا هەیە. بۆیە، کاتێك پرۆگرامی ئەمریکا لەئەفغانستاندا سەرکەوت و نۆرەی عێراق هات، هەرزوو، فەرەنسا و ئەڵمانیا و دۆستەکانیان، هەستیان بەمەترسی لەدەستچونی بەرژەوەندیەکانیان لە ڕۆژهەڵاتدا کرد، چونکە دڵنیا بون گەر ئەمریکا لەعێراقیشدا سەربکەوێ، مەگەر ئەمریکا ئاوڕێکیان لێبداتەوە، وەکوتر پشکیان نەك لەعێراقدا بەڵکو لە تەواوی ڕۆژهەڵاتو وڵاتانی کەنداویشدا، کەم بەردەکەوێ. ئەمەش بۆ وڵاتە پیشەسازییە زلەکان ترسناکە. چونکە ڕۆژهەڵات لەهەمو بارێکەوە زۆر گرنگە. بەتایبەتی ئەمریکا لەدوای سەرکەوتنی لە ئەفغانستان، بەرنامەی هەیە بەپێی ستراتیژێکی خۆی، پاکستان و هیندستان و بەنغلادیش کۆنترۆڵ بکا. ئیتر کەمترین بازاڕ و کەمترین بەرژەوەندی بۆ فەرەنسا و ئەڵمانیا دەمێنێتەوە. ئاشکراشە بریتانیا و ئسپانیا و ئیتالیاش، لەم وەرچەرخانە سیاسیەدا، دوای ئەمریکا کەوتن.

کاتێك . کێشمەکێشەکان دەگەنە زەق بونی ناکۆکییەکان، ئیتر فەرەنسا و ئەڵمانیا تەنها بەتوانای دیبلۆماسی و سیاسی و هەڕەشەی بەرزکردنەوەی پەنجەی ڤیتۆوە، نەوەستان، بەڵکو ڕای گشتی جیهانیشیان دژی مەترسیەکانی جەنگ هاندا. لەم ڕێڕەوەشدا، کۆمۆنیست، فۆندەمەنتالیست، ناسیۆنالیستە ڕاستەکانو بەشێکی بەرچاوی ڕێکخراو، سەندیکا، گروپ و ڕەوتە مەدەنی و ژینگەیی و ئازادیخوازەکانی سەنگەرگرتوو لەئەمریکا، کە ڕوداوەکان ئاوا شکانەوە، ئیتر دژەکانی جەنگ، لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و زۆرێك لە وڵاتانی جیهان، بەناڕەزاییەکانی ناو ئەمریکاش، یەکیان گرت و ئەو ناڕەزاییە بەرینەی لێکەوتەوە" کە سەیری بەشداربونی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکان دەکرێ، لە تابلۆیەکی سوریالی دەچێ، نەك لە بزوتنەوەیەکی سیاسی ئامانج هاوبەشی دیار.

## عەرەب و عێراق و ناڕەزایی

ئەوەی لامان گرنگە وردتر قسەی لەسەر بکەین، ناڕەزاییە لەناو وڵاتانی عەرەب و عێراق خۆیدا. ئۆروپاییەك. . یان ئەمریکاییەك هەر بیروباوەڕێکی هەبێ، یان لەژێر کاریگەری هەر هێزێکی سیاسیدا جوڵابێ، ڕەنگە بۆئەوان پاساوێکی هەبێ. گەرچی پێمان وایە زۆر ناخایەنێ ئەو خەڵکەش بۆیان دەردەکەوێ هەڵەبون. با بەڵگەنامەکانی ڕژێم بڵاوبکرێتەوە، ئینجا بۆیان دەردەکەوێ سەدام ئەوەی نەدەهێنا تەنانەت لافیتەیەکی دژە جەنگیشی بۆ بنوسرێ. بەهەرحاڵ، تازە ئەوان لەژێر کاریگەری باری سایکۆلۆژی خۆیاندا خۆپیشاندانی خۆیان کرد و بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، دڵی سەدام و ڕژێمەکەیان خۆش کرد.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە خەڵکی هیچ وڵاتێکی ئۆروپی، بەدیقەت سەیری وڵاتانی عەرەبی و بەڵکو خودی عێراقیشیان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن نەکردبوو، هەتا هەڵوێستەیەك بکەن. بۆچی. . ڕابەرانی خۆپیشاندانەکان لەخۆیان نەپرسیووە کە لەناو (٢٥٠ ) ملیۆن نەتەوەی عەرەبدا، سەرجەم یەك ملیۆن عەرەبیش نەهاتنەسەرجادە، ئەمە لەکاتێکدا تەنها وڵاتی میسر خۆی لە (٧٠) ملیۆن کەس دەدا. لەوەش سەیرتر. . بۆچی خۆپیشاندەران دیقەتێکی وردیان لە خودی عێراق نەدا؟! لەناو عێراقدا، کام خۆپیشاندان ژمارەی گەیشتە (٥٠٠٠) هەزار کەس؟ هیچ. هەقیان بەسەرئەوە نییە خۆپیشاندان بۆ عێراق دەکەن، بەڵام لەعێراقدا بەقەد ئەوان خۆپیشاندان ناکرێ. باشە. . لەناو هیچ وڵاتێکی عەرەبی و لەناو عێراق خۆیدا، خۆپیشاندانی گەورە نەکرابێ، ئەی هۆی چیيە لەئیسپانیادا (٣) ملیۆن کەس دەرژێنە سەر شەقام؟

پێمان وایە، هۆی ئەم ڕاستی و دیاردەیە، دەگەڕێتەوە بۆئەوە کە ئاراستە سیاسی و ئاستە شارستانیەکە، هێشتا لەئۆروپای ڕۆژئاوای ئازادیش دابڕاو نییە لەبەرژەوندییە ئابوریەکانی حکومەت و کۆمپانیەکان، هەربۆیە، ناکۆکیی نێوان حکومەتەکان، کاتێك لەسەر

بەرژەوەندی جیاواز قولْدەبن، ئەمە لەناو رای گشتی و بەشێکی بەرچاوی رێکخراوە ناحکومیەکانیش ناڕاستەوخۆش بێ رەنگدەدەنەوە و دەشیان بزوێنن. گەر وانەبێ، ئەی بۆچی لەسەر داگیرکردنی کوێیت و هێرشی دەرکردنی عێراق لەکوێیت، زۆر کەمتر لەم خەڵکە خۆپشاندانیان دژی جەنگ کرد؟ ئەوکاتە دەبوایە دژی ئەمریکا و فەرەنسا و بریتانیا. . پێکرا خەڵك بوروژانایە. بەڵام وانەبوو. کەوابێ: ئەمجارە، ناکۆکی سیاسی و ئابوری و عەسکەری بەچەشنێ دەرکەوتن‌و کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر روداوەکان هەبوو، ئاڕاستەی کاردانەوەکانیان زیاتر لە شەقامەکانی عەرەب و عێراقیش، خستە ناو شەقامەکانی رۆژئاوا. لە یەك دەهەدا، لەسەریەك کێشە، دەرکەوت مێژوو روداوەکانی دوبارەنابێتەوە !

لەسەردەمی جەنگی ساردا، لەکاتێکدا حکومەتەکانی رۆژئاوا پشتیوانی رژێمی عێراقیان دەکرد و کورد قڕان دەکرا، چاوەڕێبوین بزوتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیستی و ئازادیخوازان و رای گشتی پشتیوانمان بن دژی سیاسەتی جینۆساید، کەچی نەك ئەو پشتیوانیەمان نەدی، بەڵکو زۆربەی چەپەکانی ئۆروپا و ئازادیخوازانی سەرشەقامی لیبرالی رۆژئاوا، لایان سەیر بوو دژی رژێمی عێراق شۆڕشمان دەکرد. ئێستاش کە ئەمریکا و بریتانیا و هەندێك ولاتی رۆژئاوا پشتیوانی کێشەکەمان دەکەن و دەشیانەوێ رژێمی سەدام بڕوخێنن، رای گشتی رۆژئاوا، بەپێشڕەوایەتی چەپی سەردەم، دژی ئەو حکومەتانەن کە پشتیوانیمان دەکا. ئەمەیە روداوە جیاوەزەکانی مێژوو، چەپی کۆن و چەپی نوێباوی ئۆروپاش بەزۆری هەڵوێستێکی راستڕەوانەیان لەبەرامبەر کێشەی گەلانی وەکو کورد هەبووە. رۆژئاوا، زۆرجار تێگەیشتنێکی وردی لەسەر رۆژهەڵات نەبووە. جارێکیان حکومەتەکانیان‌و ئەمجارەشیان هێزە سیاسیەکانیان بەهەڵە هەڵوێستمان لێوردەگرن. کاتێك چەپو ئازادیخوازێکی لیبراڵی رۆژئاوا، لەگەڵ سەلەفیەکی رۆژهەڵات، بۆ بەرگری لە سەدام دەچنە یەك سەنگەرەوە ئیتر دەرگای لێکدانەوەی زانستی دەکرێنەوە بۆ پیاچونەوە بە چەمکی چەپو تیۆرو فەلسەفە سیاسیەکان لەجیهاندا.

## هەڵە کۆن و نوێکانی رۆژئاوا

ئەگەر لەمێژوودا. . رۆژئاوا، لەبەرامبەر هەر هەڵەیەکی گەورە بەرامبەر رۆژهەڵات زۆر درەنگ رەخنەی لەخۆی گرتبێ، دڵنیاین ئەمجارەیان، زۆر زووتر هەڵەکانیان دەردەکەوون. چونکە رژێمی عێراق، گەنیویی تاوانەکانی دەستبەجێ دوای روخانی بڵاودەبێتەوە. هەنگینێ، چەپ و رەوتە سیاسییە نوێباوەکانی پۆست مۆدێرنێتە، بەدەمامکی فەرەنسا و ئەڵمانیا ناتوانن بۆنی بۆگەنی تاوانەکانی رژێمی عێراق نەکەن. رۆژێکیش دادێ. . هەروەکو چۆن ڤاتیکان لەسەر شەڕی خاچپەرستەکان داوای لێبوردنی لە جیهانی ئیسلام کرد" هەروا چۆن ئەڵمانیا داوای لێبوردنی لە جولەکە لەسەر تاوانی هۆلۆکۆست کرد" چۆن چۆنیش ژاپۆن داوای لێبوردن لە گەلی چین و کۆریا کرد. بەهەمان شێوە، چۆن پەرلەمانی سوید داوای لێبوردنی لە فینلەندە و نەرویج، لەسەر رێپێدانی حکومەتی نازی کرد کە لەسویدەوە بچنە سەریان. . تاد. دڵنیاین، ئەورۆژەی گۆڕستانی (١٨٢) هەزار سەرنگونکراوی ئەنفالەکان دەدۆزینەوە" ئەورۆژەی تاوان بەتاوانی رژێم هەڵدەدرێتەوە، ئەورۆژەی دەزانرێ رژێم گەرمیان و کوێستانی کوردستانی چۆن چۆنی کیمیارێژکردووە. . بەڵێ، ئەوکاتە، دەبێ هەموو ئەو حکومەتانەی پشتیوانی رژێمی عێراقیان دەکرد و هەموو ئەو خەڵکەی خۆپشاندانیان دژی جەنگ رێکدەخست. . دەبێ نوێنەر بە مۆمی داگیرساوی ماتەمینیەوە بنێرنە هەڵەبجە و بنێرنە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوی گەرمیان. . بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە، داوای لێبوردن لە دەیان هەزار قوربانی و کەسوکاریان بکەن.

هیچ بەدوریشی نازانم. . ئەم دیمەنە ئینسانیە، لەنێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا، لەکوردستاندا بەرجەستەببێ. چونکە رۆژئاوا، حکومەت و هێزە سیاسیەکانی، غەدرێکی مێژوویی دورودرێژیان لە کورد کردووە. کەمجار هەڵوێستێکی سیاسی ئەقڵانی، بەرامبەر کورد، لەجەنگی یەکەمی جیهانەوە، هەتا کۆتایی جەنگی ساردیش، لە رۆژئاوادا دەبینین. ئێستاش، دوای گوزەراندنی هەڵە کۆنەکان، هەڵە تازەکان. . بەشێوەیەکی تر ئازارمان دەدەن. سەرەڕای ئەو هەڵانەی کۆن و نوێ، دڵنیام. . گەلی کوردستان، لەپێناوی ئازادی بەدەستهێنراوی. . گەردن ئازادی لەو میوانە چاوبەفرمێسکە زەردو سورانە دەکا کە بۆ لێبوردن سەردانی ئاسەواری مەرگەساتەکان دەکەن. لەهەمان کاتدا گومانم هەیە، هێزە سیاسییە دۆگم و توندڕەوەکانی عێراق و کوردستان، ئەوکاتەش. . هەموویان دان بەهەڵەکانیان بنێن! !

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣